# پێکەنین
# لە کاری هونەریدا



و/ د.سابیر بۆکانی

پێکەنین، تا ئەندازەیەکی زۆر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ڕاستە هەریەک لەئێمە لەناخی خۆماندا بیر لەشتێک دەکەینەوە کە پێکەنینی تێدایە، بەڵام زۆر دەگمەن بەو شتە پێدەکەنین ئەگەر کەسانیتر لەدەوروبەرماندا نەبن، ڕەنگە ئەو کەسانەی لەهەڵوێستەکەشدان ئامادە نەبن لەگەڵماندا پێبکەنن. لەئەزموون و توێژینەوەکان دەرکەوتووە ئەگەرەکانی بەنوکتە پێکەنین، ئەو کاتانە زیاترن کە خەڵکانیتر لەهەڵوێستەکەدا ئامادەن و ئەوانیش وەک ئێمە پێدەکەنن، تەنانەت ئەگەر بەهیچ جۆرێک بەنوکتەکان پیکەنینیان نەیەت هێشتا هەر بەلامانەوە باشترن لەوەی بەتەنها بین. بۆیە دەکرێت بڵێین پێکەنین ئامرازێکی پەیوەندی و کۆمۆنیکەیشن و دواندنی کۆمەڵایەتییە. ڕەنگە ئەو کەسەی پێدەکەنێت مەبەستی ئەوە بێت بەشێوەیەک لەشێوەکان، نوکتەکە بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش بکات کە لەدەوروبەریدان. لەوانەشە ئاواتەخواز بێت لێی بپرسن: ئەوە بەچی پێدەکەنیت؟ ئەمەیە ئەو بەیەکگەشتنە سازگارو بەچێژەی کەوا لەهەموومان دەکات هەندێکجار ڕێگە بەکەسێک بدەین بەشێوازی تایبەتی خۆی، بێت نوکتە بکات و بیگێڕێتەوە. گەرچی هەموو کەسێک پێی خۆشە لەئامادە بوونی کەسانیتردا بە نوکتە پێبکەنێت، بەڵام مەرج نییە هەمان نوکتە بەبێ دەستکاری و گۆڕانکاریی، لەشوێن و کۆبوونەوەیتردا وەکو خۆی بگێڕینەوە. خەڵکی زۆر بەچاکی ئەو بڕیارەیان پێدەدرێت: کامە گاڵتەگەپ پێکەنین بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کامەش نایان خرۆشێنێت ئەگەر یەکەمجارو بەتەنها و دوور لەخەڵکیش ڕێکەوتیان کردبێت و پێی پێنەکەنیبێتن. لەدیدو بۆچوونی ئەکتەری کۆمیدیاو نووسەری شانۆ کۆمیدییەکانەوە، کارەساتی ناخۆش لەوەدایە؛ بابەتێکی کۆمیدی نماشکراو بۆ کۆمەڵێک خەڵک،

کەسیان نەهێنێتە پێکەنین و تەنانەت زەردەخەش نەخاتە سەر لێویان. ئەم دیاردەیە پێیدەوترێت: مەرگ لەسەر تەختەی شانۆ، دیاردەیەکی لەو چەشنە هاوتای کۆدەنگییە لەسەر ڕەتکردنەوەو گاڵتە پێکردن. دواتر ئەو خەڵکە بە کارە هونەرییەکە دەڵێن: ئای کە سووک و نەگریس بوو کەسی نەهێنایە پێکەنین. هەندێک لەبەرهەمهێنەرانی تەلەفزیۆنی، لەدراما کۆمیدییەکانیاندا، لەترسی بێدەگی و خامۆشی بینەری بەرهەمەکانیان، پەنا دەبەنەبەر ئاوێتەکردنی پێکەنینی تۆمارکراو، لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا. ڕەنگە ئەم شێوازە تا ڕادەیەکی زۆر پێویست بێت بۆ ئەو کارە نمایشکراوانەی کە لەبنچینەدا پێکەنین ئامێز نین. یەکێک لەتوێژەران لەم بارەیەوە دەڵێت: (کاریگەریی پێکەنینی تۆمارکراو لەوەدایە کەوا لەخەڵکی دەکات لەناو کارە هونەرییەکەدا، سەرنج لەملاو ئەولا بدەن و چاو بگێڕن و گوێ ڕادێرن بن بۆ نوکتەیەک). لەپێناوی فریاکەوتنی جۆرەها کاری تەلەفزیۆنی ئاسایی ئاست ناوەندیدا، چەندین کەرەسەو ئامێری هەمەجۆر بۆ پێکەنین داهێنراون(وەک چەپڵەلێدان) هەندێکیان تا ڕادەیەک لەئامێری تایپکردن دەچن، بەڵام کلیدارن و هاوتان لەگەڵ گوزارشتە جۆراوجۆرەکانی شانۆ یان دڵخۆشیدا لەوانە قاقالێدان و خورتەو بۆڵەبۆڵ (کە بەهێزترن لەپێکەنین)ن پێکەنینی شاراوەو پێکەنین بەدەنگی نێرو بەرز. بەهەرحاڵ ئەو ئامێرانە کەمجار کاریگەریی و شوێنەوار بەجێ دەهێڵن، چونکە جۆری پێکەنینەکە بیارو یەکلاکەرەوەیە. ئەگەر لەسەرەتای هەر کارێکدا، هیستریای پێکەنین بگاتە لوتکە، ئەوا وەک پێکەنینی بەزۆر دروستکراو دێتە بەر چاوو گوێ. خۆ ئەگەر هەمان بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی پێکەنینەکە، چەندبارە بۆوە، ئەوا جەماوەری بینەر تێدەگەن و ئاگادار دەبن لەوەی میکانیکیەو میکانیزمەکەی بێگیانە. ئەگەر پێکەنینی تۆمارکراوی جەماوەری ئامادە، بوونی هەبێت، تاڕادەیەک باشترە لەهێتر گەرچی ئەمیش بێ چێژێکی مردووە، وەک ئەوەی زۆرجار لەنواندنی کارێکدا ڕوودەدات کە لەدەرەوەی ستۆدیۆدا ئەنجام دەدرێت. یان کاتێک کارێکی تۆمارکراو بەڤیدیۆ لەستۆدیۆدا بۆ جمهورێک نمایش دەکرێت و پاشان هەموو پێکەنین و قاقایەکی سروشتی، بەپشت بەستن بەخەسڵەتی بنچینەیی کۆمیدیا، دەخرێتەسەر پلەداری دەنگیی و بۆی سەربار دەکرێت، ئەم کارەش چەندجارێک دووبارە دەکرێتەوە تاکو برێکی گونجاوی پێکەنین بەسەر کارەکەوە کەڵەکە دەبێت. شێوازێکیتریش (هەرچەندە دەرکەوتووە زۆر سەرکەوتوو نییە) ئەوەیە چەند ئەکتەرێکی کۆمیدی، قاقاو پێکەنینی تایبەت و گەورەیان تۆمار دەکەن و لەچەند شوێنێکی دیاریکراودا دەیخەنە سەر پلەداری دەنگیی. شایانی باسە دەرهێنەرە ئەمریکییەکان زیاتر لەدەرهێنەرە بەریتانییەکان، پێکەنینی تۆمار کراو بەکاردەهێنن، کار گەیشتە ئەوەی بینەری تەلەفزیۆنە بەریتانیەکان داوا بکەن ئەو پێکەنینانە، بەدیاردەیەکی کوێرانەی ناجۆر هەژمار بکرێن. هەندێکجار دەزگای ڕادیۆی بەریتانیا داوا دەکات ئەو پێکەنینە دەستکردە بێگیانانە (بۆ مەبەستی بازرگانی) لەهەندێک زنجیرەی کۆمیدی ئەمریکی دوور بخرێنەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ زنجیرەی کۆمیدی ماش Mash ڕوویدا کە ڕوداوەکانی تایبەتن بەنەخۆشخانەیەکی گەرۆک لەشەڕی کۆریادا و چەندین دیمەنی گاڵتەوگەپ و کۆمیدی نایاب و سەنگینی لەخۆگرتووە. دەزگای ڕادیۆی بەریتانیا پێیوابوو زنجیرەی کۆمیدی ماش؛ بەهۆی ئەو پێکەنینە دەستکردانەوە، کاریگەریی ڕاستەقینەی خۆی لە دەستداوە.

سەرچاوە:

جیلین ویلسن (2000): سیکولوجیه فنون الاداب، ترجمه شاکر عبدالحمید، سلسله عالم المعرفه 258 ، الکویت، ص1-115